**به هێمنی ماچت ئەکەم**

هەناسەکەم،زۆر حەز ئەکەم
لە شیعرێکا باست بکەم
جار بە جارێ بتخوێنمەوە و
لە ناو تۆیا خۆم وون بکەم
حەزم وایە شیعرەکانم
وەک نیگای تۆ گەشاوە بن
وەک ئەو گوڵانەی ئە یهێنی
لەجوانیدا لە تۆ بچن
تۆ کانیاوی وشەکان و
سوار چاکی خە یاڵە کانمی
لە تاریکی شەوەکانا
مانگی درەوشاوەی ژیانمی
کە دەست بۆ پێنووس ئەبم
خەیاڵی تۆ ئەگرێ دەستم
بە سەمای دێرەکان دیارە
کە بە عەشقی تۆ پەیوەستم
ببورە ئازیز گەر جارێ
دڵرەقانە زیزم کردووی
لە ناو دەفتەری پایزا
من بەگوڵ ناونووسم کردووی
ئەترسم لەم غەریبیە
هەست بکەی لەبیرم کردووی
نا ،نا ،ئازیز چاوەڕێمبە
کە گەڕامە وە نیشتیمان
بەرلەوەی کە تۆ بڕۆیت و
کۆتایی بێت کاتی ژوان
توند پەنجەکانت ئەگرم و
بە هێمنی ماچت ئەکەم
بە چرپەوە پێتی ئەڵێم
خۆشم ئەوێی،هەناسەکەم

سوزی بابانی